# نمرەکانی بۆیەی قژ بۆ وەرزی پاییز

وەرزی پاییز کە وەرزی گەڵای زەردە، ڕەنگی قاوەیی و زەرد تەواوی ئەو وەرزەدا دادەپۆشێت، تەنانەت ڕەنگی جوانی دار و بارەکان دەبنە جوانترین دیمەنی سرووشتی، تۆی خانمیش دەتوانیت سوود لە جوانیی ئەو ڕەنگە گەڵاڕێزانەی پاییز وەربگریت، ئەویش بە بۆیە کردنی قژت بەم ڕەنگانەی کە لە وەرزی پاییزدا باون و دیارن، کە بریتیین لە: سەرەتا ڕەنگی قاوەیی زێڕی، یەکێکە لە جوانترین ڕەنگەکانی بۆیەی قژ، کە سەرنجڕاکێش و ناوازەیە، بۆ ئەو کەسانەیە کە پێستیان ئەسمەرە، هەروەها ئەوانەش کە پێستیان گەنمڕەنگە، ڕەنگێکی ناسکە، هەوڵبدە ئەو ڕەنگە بە تەواوی لە قژت بدەیت، یان چەند تەڵێکی قژت بۆ (٥ تا ٦) سەنتیمەتر بەوڕەنگە بۆیە بکەیت. ڕەنگی قاوەیی هەنگوێنی، جوانترین ڕەنگی قژە بۆ پاییز، بەتایبەت بۆ بۆنە و یادەکان گونجاوە، بە دوو ڕەنگ خۆی نیشان دەدات، قاوەیی و زەردی هەنگوینی. زەردی سیترین ڕەنگێکی دیکەیە، کە بەرەو زەرد دەچێت، بەڵام خۆی بە قاوەیی نیشان دەدات، پێویستە ئەو جۆرە بۆیەیە ڕەنگەکەی تۆخ بێت و دواتر کاڵ ببێتەوە. قاوەیی کارامێل، ڕەنگێکی دیکەی ئامادەکراوە بۆ وەرزی پاییز، زیاتر لە ڕەنگی سوورەوە نزیکە، وەك ڕەنگی خەنە وایە، بۆ کاتی دەرچوون و گەشت گونجاوە.







# خشڵ و ئێکسسوارەکانی سەر کراس

کراس یەکێکە لەو پۆشاکانەی کە جوانی و کارامەیی پێوە دیارە، بەتایبەت لە ڕۆژانی دەرچوون و چوونە شوێنی دەوام و شوێنی فەرمی، لەو جێگایانە پێویستت بە پۆشینی کراس دەبێت، هەرچەندە کراس جلێکی فەرمییە، بە کەسێکی کارامەت دەردەخات، بەڵام پسپۆڕان پێیان وایە کە دەکرێت کراسەکان رازاوەتربن و ئەو شێوە فەرمییەیان کەم بکرێتەوە، ئەویش بە دانانی خشڵ و ئێکسسوارەکان لەگەڵ کراس، دانانی خشڵەکان بۆ شیککردنی لەگەڵ کراس دەکرێت لەرێگەی بەستنی بێت لەسەر کراسەکە، یان بە دوورین لە کراسەکە بدرێت، ئەو شێوازە بە ستایلی (لۆك) ناسراوە، کە دەکرێت چەندین کەرەستە و خشڵی وەك: قردێلە، مورووە، کریستاڵ، قۆچپە، وردە شووشە لەسەر کراسەکان بدرێت، هەروەها بە دانانی خشڵی سەر دەستەکان، کە لە شوێنی قۆپچەکانی سەر دەست دەدرێت، ملپێچی قوماشیش لەسەر کراسەکان دەبەسترێت، پشتێنی تەنك و پانیش لە شێوەی پێست و قوماش لەسەر کراس دەبەسترێت، بەم چەشنە تۆش مۆدێکی نایاب بۆ کراسەکەت دروست دەکەیت، کە لە شێوە فەرمییەکە دوور دەکەوێتەوە و زیاتر گەنجانە دەردەکەوێت.





# هێماکانی بەکارهێنانی هەڵەی کەرەستەکانی جوانکاری

کارۆلین هۆلسۆرت، پسپۆڕی جوانکاری و سەرۆکی کۆمپانیای (Nurture Spa)، دەربارەی هەڵە بەکارهێنانی کەرەستەکان ڕێنمایی و پەیامی بۆ گشت ئافرەتان هەیە، کە ئەو هەڵانە وادەکات پێستی رووخسار و جەستە تێکبچێت و جوانی دەشێوێت، ئەو پسپۆڕە ئاماژە بە چەند هێمایەك دەکات، کە گوزارشتە لەوەی کەرەستەی هەڵە، یان بە شێوەیەکی هەڵە بەکارهێنان بریتیین لە: کاتێك کەرەستەیەکی جوانکاریت بەکارهێنا، بووە مایەی وشك بوون و هەڵدانی پێست و پەڵە دروستکردن، پێویستە چیدی ئەو کەرەستەیە بەکارنەهێنیت، چونکە لەگەڵ پێستت ناگونجێت. هێمای دووەم سووربوونەوە و خوران، دوای بەکارهێنانی هەر کەرەستەیەکی جوانکاری ئەگەر شوێنەکەی سوور بوویەوە، یان خورا، ئەوە پێویستە ئەو کەرەستەیە دووربخرێتەوە. ئەو پسپۆڕە دەڵێ: دەرکەوتنی وردە زیپکە و خاڵی سوور و بەرزایی، هێمایەکی دیکەی هەڵە بەکارهێنانی کەرەستەکانە. لەو کاتەی هەستت کرد شوێنی کەرەستە بەکارهێنراوەکە چەورە، ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی هەڵەی کەرەستەکان، ئەگەر هەستت بە سووتان و ژانی وەك سەرە دەرزی کرد، نابێت ئەو کەرەستەیە بەکاربهێنیت.

## نمایشکاری بێ قاچی جلوبەرگ

ئەوانەی بەشێك، یان ئەندامێکی جەستەیان نییە، ئەنجا چ بە کارەسات بوویێت، یان لە زگماکییەوە، ئەوا ئەو لایەنە نابێتە هۆکار بۆ ئەوەی کەسێکی سەرکەوتووی لێ دەرنەچێت، وەك ئەو کچە بەریتانییەی کە قاچەکانی نییە، کەچی کاری نمایشی جلوبەرگ دەکات، ئەو کچە ناوی (دیزی مای دیمیتری)یە، لە تەمەنی (١٨) مانگیدا قاچی دەستکردی بۆ دانراوە، هیوا و حەزی ئەو کچە بۆ کارکردن لە بواری نمایشکاری جلوبەرگدا بووە، کەسوکاری ئەو ئاواتەیان بۆ هێناوەتە دی، کە دوای ئەوەی قاچی دەستکردی بۆ دادەنێن، ئەویش بەشداریی نمایشی جلوبەرگی (لولو جیجی) بکات، کە نمایشکاری جلوبەرگی هەفتانەی منداڵانەیە و لە شاری لەندەن بەڕێوە دەچێت، ئێستا تەمەنی ئەو خانمە نمایشکارە نۆ ساڵە و قاچیشی نییە، کەچی نمایشکارێکی بەناوبانگی جلوبەرگە.





## جوانترین موزەخانە

موزەخانە و شانۆی (دالی) کە دەکەوێتە وڵاتی ئیسپانیا، بە یەکێك لە جوانترین و سەیرترین شێوەی ئەندازەیی و باڵەخانە دادەنرێت، زۆربەی تابلۆ و وێنەکانی وێنەکێشی ئیسپانی (سلفادۆر دالی) لەو موزەخانەیەدا دانراون، ئەمە جگە لەوەی بە هەزاران تابلۆی ناودارانی جیهان لەوێ دەبینرێن، ئەو موزەخانەیە دەکەوێتە شاری (فیگیراس)ی ئیسپانی و لە ساڵی (١٩٧٤) کراوەتەوە، ناوەوەی بەشێوازێکی سەرنجڕاکێش

## دروستکردنی بەستەڵەک بەهۆی ژێردەریاییەوە

بەهۆی بەرزیی پلەکانی گەرما و دیاردەی قەتیس بوونی گەرما لە سەراپای جیهان، زۆربەی بەستەڵەکەکانی جەمسەری باکوور تووشی توانەوە و شکان دەبن، وەك جیولۆجیناسان دەڵێن: کۆنترۆڵکردنی پلەی گەرمی و ساردیی سەر هەسارەی زەوی بە بوونی ئەو بەستەڵەکانەوە بەندە، بۆیە بە سەرپەرستی ئەندازیار (فاراس راداك کوتاتۆها)ی تەمەن (٢٩) ساڵ پرۆژەیەك ڕێکخراوە، کە ماوەی (٥) ساڵە خەریکی ئەو پرۆژە نێودەوڵەتییەیە، کە بریتییە لە دروست کردنی ژێردەریایی (غواسە) تا ئاوی جەمسەری باکوور بکاتە بەستەڵەك، ئەو ئامێرە لە توانایدا هەیە کە قاڵبی بەستەڵەك شەش پیلوو بە چڕی (٤,٩) مەتر و پانی (٢٥) مەتر دروست بکات، وادانراوە کە سەنتەری ئەو شوێنە لە جەمسەری باکوور بێت، ئەمەش بەجۆرێکە کە دوای ئەوەی ئاوی دەریاکان لە خوێ پاك دەکرێنەوە، پاشان دەکرێن بە بەستەڵەك و لە تەنیشت و نزیکی یەکتر دادەنرێن.




## ه و شانۆی جیهان

دروست کراوە، کە زۆربەی لە ئاوێنە و شووشەیە، ئەگەر سەیری لایەك بکەیت، پشتەوەی خۆت و تەنیشتەکانیشت بەرچاو دەکەوێت، ئەو مۆزەخانەیە ئێستا بۆتە شوێنێکی گەشتیاری و شانۆیەکیشە بۆ نمایشی جۆراوجۆر، جگە لەوەی شوێنێکی کلتوورییە گوزارشت لە هونەری تابلۆ و وێنەی وڵاتی ئیسپانیا دەکات، ساڵانە بە مەبەستی بینینی وێنە و کەرەستە و تابلۆ بە نرخەکانی ناودارانی جیهان، بە ملیۆن گەشتیار سەردانی ئەو موزەخانەیە دەکەن.

## کچەکەی کافرۆش



چەندین بۆچوون و بیروڕای جیاواز لەسەر کچەکەی کافرۆش هەن، بەڵام دیاترینیان ئەوەیە کە ناوی (خجیج)ی کچی جومعە مەولود بووە، کە لە دایکبووی ساڵی (١٩٢٠) بووە، کچەکەی کافرۆش کچێکی شۆخوشەنگ و جوان بووە، لە تەمەنی چواردەساڵیدا ناوبانگی لە جوانیدا دەرکردووە، لە ساڵی (١٩٣٤) لەوکاتەی عێراق و کوردستان لەژێر دەسەڵاتی ئینگلیزەکاندا بووە، یەکێك لە سەربازانی ئینگلیز ئاشقی ئەو کچە بووە، کە باوکی کاری کا فرۆشیی کردووە و دووکانی هەبووە، دوای چەندین داواکاری ئەو کچە، کەچی کەس و کاری ڕازی نەبوون ئەو کچە بە ئەفسەرە ئینگلیزەکە بدەن. وەکو دەگێڕنەوە کە ئەفسەرەکە پلانی ڕفاندنی کچی کافرۆشی هەبووە، جوانیی کچی کافرۆش لەوە هاتووە کە دایکی ڕووس بووە، بۆیە ئەویش هێندە نازدار بووە، ئەو کچە زیاتر سەردانی دوکانی باوکی کردووە، چ وەك هاوکارێك، یان بۆ خۆشیی خۆی، وەك دەگێڕنەوە ڕۆژێك لە ڕێگەی گەڕانەوەیدا ئوتۆمبێلێکی پڕ لە سەربازی ئینگلیز کچەکەی کافرۆش دەڕفێنن، دوای ئەوەی باوکی سکاڵا تۆمار دەکات، دواتر پۆلیس بە باوکی کچی کافرۆش دەڵێن: کە کچەکەت لە عێراق نەماوە و براوەتە بەریتانیا، دوای دووساڵ وێنەی کچی کافرۆش بڵاودەکرێتەوە گوایە هەر کەسێك سۆراخی بزانێت ماڵی باوکی ئاگاداربکاتەوە، کچی کافرۆش بەردەوام کراس و جلی جوانی پۆشیوە، وەك نمایشکارێك وابوو. هەندێ بیروڕای دیکەش هەن دەڵێن: لەو کاتەی کچی کافرۆش بردراوە. لە نێو فرۆکەی ئینگلیزەکان خۆی بەرداوەتە خوارەوە و مردووە، وەك ئەوەی ڕفاندنەکەی قبوڵ نەکردووە و مردنی پێ باشتر بووە.



# وێنەکێشێکی جیهانی بەڕێوەیە



زۆربەی منداڵان حەز بە وێنەکێشان دەکەن، ئەمە جگە لەوەی وەك وانەیەك لە قوتابخانە فێری وانە سەرەتاییەکانی وێنەکێشانیان دەکرێن، بەڵام هەندێ جار کەسانی بە توانا و خاوەن بەهرەیان لێدەردەچێت، وەك ئەو کچە کە ناوی (ئەلیتا ئەندرێ)یە و تەمەنی تەنیا (١٢) ساڵە، خەریکە وێنەکانی دەبنە تابلۆی جیهانی و ناوبانگ دروست دەکات، دایکی دەڵێت: بەردەوام لە ژوورەکەی خۆی خەریکی وێنەکێشانە، تەنانەت نان و خواردنەوەشی هەر لە ژوورەکەی خۆیەتی، هیوادارم لە داهاتوودا ببێتە یەکێك لە وێنەکێشە بەناوبانگەکانی جیهان، کە ئەوان بوونەتە سیمبول و هێما بۆ وێنەکێشان لە جیهاندا، ئەلیتا دەڵێ: وێنەکان لە مێشکمدا دروست دەبن و منیش بە ڕەنگەکانم دەیانخەمە سەر کاغەزی وێنەکێشان و خەڵکیش دەستخۆشیم لێدەکەن و بە کارەکانم سەرسامن، منیش نازانم بۆ وادەکەن!



## کاریکاتێر

کاریکاتێرێکی مانادارە، باس لە هەڵگیرسانی جەنگەکان دەکات، هەروەها هۆکاری هەموو جەنگەکان بۆ پارە و سامان دەگێڕێتەوە، وەك ئەوەی کە هەر پارەیە جەنگ هەڵدەگیرسێنێت و لە پێناو پارەشدا جەنگ بەرپا دەبێت.



## نوکتە

دوو کەس یەکەمجاریانە کە بە فڕۆکە بۆ گەشت بکەن، لەناکاو هەڵەیەك لە فڕۆکەکەدا ڕوو دەدات و کاپتەنەکە دەڵێ: فڕۆکەکمان دەکەوێتە خوارەوە. دوو کەسەکەش یەکێکیان دەڵێ: دەکەوێت ناکەوێت بە ئێمە چی خۆ ماڵی باوکمان نییە.

**کاوڕ** ٣/٢١ - ٤/١٩

لە ڕووبەڕووبوونەوەکان مەترسە و هەنگاوی خۆت هەڵبێنە، کەسێکی کۆمەڵایەتیت و زۆر هەستەوەری، هێندە خەم بۆ کێشەکان مەخۆ و کاتەکانت بە فیڕۆ مەدە، هەوڵبدە چێژ لە خۆشییەکانی ژیانت وەربگریت، چونکە تەمەن دڕوات و کات کەمە بۆ ژیان.

**گا** ٤/٢٠ - ٥/٢٠

کێشەکانت تێپەڕێنە، لەگەڵ ناکۆکیی کەسانی دیکە هێندە مەچۆ ناو وردەکاری، هەست بە بێزاری و دابەزینی توانا لە کارەکانت دەکەیت، لەگەڵ کەسانی دەوروبەرت ڕاستگۆ و کراوە بە، نهێنییەکانت بشارەوە و مەهێڵە کەس وردەکاریی لە ژیانت ئاگادار بێت.

**جمک** ٥/٢١ - ٦/٢٠

کەسێکی سەرنجڕاکێش و خاوەن هەستێکی بەرزی، مەهێڵە ئاستی کەسایەتیت بە چەند کارێکی ئاسایی بێتە خوارەوە، لەگەڵ کەسانی دەوروبەرت بە جوانی ڕەفتار دەکەیت، ماوەی داهاتوو بەرەو خۆشی دەچیت، ئامانجەکانت لە داهاتوودا جێبەجێ دەبن.

**قرژاڵ** ٦/٢١ - ٧/٢٢


ڕەفتارەکانت جێگەی قبووڵ نین، چونکە بە ڕەقی هەڵسوکەوت دەکەیت، ئەرکەکانت قورسن و بونەتە هۆی بێزاری لەسەر ژیانت، بەڵام کاتێکی زۆرت لە بەردەمە، لەگەڵ هەر کێشەیەك نابێت کاردانەوەی توندت هەبێت، چونکە کاریگەری لەسەر کەسانی دیکە دەبێت.

**شێر** ٧/٢٣ - ٨/٢٢

زیاتر لەگەڵ کەسانی دەوروبەرت خۆت بگونجێنە، ئاراستەی ژیانت بەرەو خۆشی دەچێت، ڕێگەیەکی جوانت هەڵبژاردووە بۆ لە بیرکردنی کێشەکانی ڕابرووت، چونکە گۆشەگیری بە هیچ ئەنجامێکت ناگەیەنێت، سادەیی و ساکاریت پێوە دیارە، هەر واش بمێنە.

**گوڵەگەنم** ٨/٢٣ - ٩/٢٢

کەشێکی خۆش بەسەر دەبەیت، پەیوەندییەکانت بپارێزە و ڕەفتارەکانت باشتر بکە، کەسێکی زیندووی و مەهێڵە کەسانێك بۆ مەرامی خۆیان بەکارت بهێنن، بەرژەوەندیی خۆت بە کەس مەدە، هەنگاوی داهاتووت قورس دەبێت، بۆیە خۆتی بۆ ئامادە بکە.




## یاری وێنە


لـەم وێنەیـەدا هاوکێشـەیەکی بیرکاری هەیـە، هەوڵبـدە لـە مـاوەی (٣٠) چرکـە و بـە پڕکردنـەوەی خانـە بەتاڵـەکان، ئەنجامـی شـیکارییەکەب تەواوبدۆزیتـەوە.



## جیاوازی وێنە


- لەم دوو وێنەیەدا چەند جیاوازییەك هەیە، بیاندۆزەوە.





## پەند و وتە

جوبـران خەلیـل جوبـران، نووسـەری لوبنانـی، کـە سـەدان کتێـب و بڵاوکـراوەی هـەن، لـە ساڵی (١٨٨٣) لـە شاری بەشاری لـە لوبنـان لەدایکبـووە و لـە ساڵی (١٩٣١) لـە ئەمریـکا کۆچـی دوایـی کـردووە، دەربـارەی ئافرەتـی ناوازە و ڕەوشت بەرز دەڵێ: «ژیرترین ئافرەت ئـەو کەسـەیە کـە دڵـی وەك منداڵێـك وایـە، عەقڵ و بیرکردنـەوەی وەك پیـاوە و جەستەشـی وەك ئافرەتێکـی نـەرم و نیانـە.



## فێڵکاری چاو

لـەم وێنەیـەدا کەسـێك دەیـەوێ بـاز بـدات، بەردەمـی وەك شـوێنێکی نـزم وایـە، هەوڵبـدە بزانیـت وێنەکـە چـۆن گیـراوە و ئایـا وێنەیـە، یـان لەسـەر زەوییەکـەی بەردەمـی وێنەکێشـراوە.

## فیستیڤاڵی پێشبڕکێی وشتر

سالاًنە لە شاری (تائیف) لە وڵاتی سعودیە، پێشبڕکێی زۆرترین وشتر دەکرێت، ئـەو پێشـبڕکێیە لـە سـاڵی (٢٠١٨) ئەنجامـدرا، کـە تیایـدا زیاتـر لـە (١١) هـەزار وشـتر بەشـدارییان پێکـرا، ئەمسـاڵیش بـۆ تۆمارکردنـی ژمارەیەکـی پێوانەیـی، فیسـتیڤاڵی پێشـبڕکێی وشـتر بـە بەشـداری (١٣) هـەزار و (٣٧٧) وشـتر بەڕێوە چـوو، لەسـەر هـەر وشـترێك ئامێرێـك دانـراوە، کـە کاری ئـەو ئامێـرە لەلایـەن خاوەنەکەیـەوە ئاراسـتە دەکرێـت، تـا وشـترەکە خێـرا بـڕوات، هـەروە لـەو ڕێگایـەوە ڕێـڕەوی ڕۆیـستنی دیـاری دەکرێـت، لـە پێشـبڕکێی ئەمسـاڵدا کـە بـە (١٢) گێـم کۆتایـی هـات، تیایـدا خەڵاتـی یەکـەم بـە خـاوەن وشـتر (خالیـد حمـود ئەلهاجـری) درا، کە بڕی (٥٢) هەزار ریاڵی سعودی بوو کە دەکاتە نزیکەی (٤٥) هـەزار دۆلاری ئەمریکـی.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

لـەم ماوەیـەدا کەسـێکی تـازە دەناسـیت و کاریگەریـی باشـی لەسـەر ژیانـت دەبێـت، بۆیـە ڕاسـتگۆ و پـاك بـە لەگەڵـی، یارمەتیشـی بـدە تـا باشـتر و دڵخۆشـتر بـن، ماوەیەکـە لەگـەڵ کەسـێك کێشـەت هەیـە، زیاتـر کـراوە بـە، تـا لێـت تێـدەگات، کەسـێکی زیـرەك و وریـای کات لـە بەرژەوەندیـی تۆدایـە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

بیرکردنەوەکانت جوانن و پێویستە کەسانی دیکـەش فێـر بکەیـت کـە چـۆن بژیـن، بـەڵام ڕێگـە مـەدە نهێنییەکانـت بزانـن، لەگـەڵ کەسـێکی خێزانەکـەت پێکـەوە کاری جوان دەکەن، بۆیە بەردەوام بن، ئاستی خـۆت مەهێنـە ڕێـز کەسـانێك کـە لێـت تێناگـەن و دەیانەوێـت ببنـە کێشـە بـۆت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

کەسـێکی تـازە هاتۆتـە نـاو ژیانـت، ڕێگـەی پـێ بـدە بزانـە بـە کـوێ دەگەیـت، ئاراسـتەی ژیانـت بـەرەو خۆشـی دەچێـت، بۆیـە لـەم ماوەیـەدا خـۆت لـە کێشـە بـە دوور بگـرە، بیرکردنـەوەت بـۆ ژیـان جوانـە و هەوڵبـدە کەسانی دیکـەش بـەم شـێوازە ڕابهێنیـت، ئـەوە کلیلـی سـەرکەوتنی تۆیـە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

لەسـەر بنەمـای بیرکردنـەوەی خـۆت ژیانـت بـەڕێ بکـە، کاتـی خـۆت بـە کـەس مـەدە و تەنیـا لەگـەڵ خۆتـدا بـژی، ئـەم ماوەیـە کەسـێك کێشـەی لەگەڵـت هەیـە، بـەڵام دەیەوێـت نێوانتـان چـاك ببێتـەوە، خـۆت ئامادەبکـە بـۆ ژیانێکـی نـوێ، چونکـە کارەکان لـە بەرژەوەندیـی تـۆ تـەواو دەبێـت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

کاتێکـی گونجـاوە تـا کێشـەکانت چارەسـەر بکەیـت، مـاوەی داهاتـووت بـەرەو خۆشـی دەچێـت، کەسـێك لەگـەڵ تـۆدا دڵخۆشـە، تـۆش فەرامۆشـی مەکـە، بـۆ داهاتـووت بڕیـاری جوانـت داوە. کەسـێك چاودێریـت دەکات، بۆیـە ڕێگـەی مـەدە زیاتـر بێتـە پێـش و تێکـەڵ بـە ژیانـت ببێـت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

پێویسـتە زیاتـر نەرمونیـان بیـت، چونکـە لەگـەڵ کەسـایەتیت گونجـاوە، هەنـدێ لـە کارەکانت بوونەتـە کێشـە بـۆ ژیانـت، بـەڵام دەبـێ ژیـان و کارەکانـت لـە یەکتـر جیـا بکەیتـەوە، ئێستا کاتێکی گونجاوە تا بـەرەو پێش بچیت و پەیوەندییەکانـت فراوانتـر بکەیـت.